# خوێندنەوەی کتێب

# نزیکبوونەوە لە"مەلەك ڕێحان"ی دلاوەر قەرەداغی

**فەیسەڵ هەمەوەندی**

ناونیشان لەدەقەئەدەبیەکان.. چ شیعر.. چ چیرۆک دەلالەتێکی دەقەکەن.. لەمەڕ فەزای شۆڕبوونەوەی نووسەرەکەی، رووحو فەلسەفە بەتایبەت لەشیعرا مایەی ئەو هەڵوەستانەن کە شاعیر دەمێک لەبەهاترین تابلۆی شیعرەکانیدا رادەوەستیو رستەیەک یا کۆپلەیەک بۆ کاروانچیانی خوێنەر دەکا بەسیحری پشت ئەو نووسراوانەی لەخەیاڵ زیاتر هەڵدەگری بۆ رامان، بۆیە فەلسەفەی شیعری مەرج نیە شاعیر ئەو هەڵوەستانەی شوێن لێدانی فلچەی ئەو تابلۆیانەبن، کە وەک مۆنالیزا کەسێکی هەرە شارەزا کێشابێتی.. رەنگە تابلۆی منالێک زۆر کاریگەرتربی لەتابلۆی مۆنالیزا وەلی مرۆڤ هەڵوەستەی دەروونیو رووحی تێ نەکردووە.. ئەو بەخەیاڵی پڕ لەئەزموونداری کاری لەسەر تابلۆی مۆنالیزا کردووە.. کە رەنگە دەیان تەجرەبەی پێشووتری تێدا بەکارهێنابی.. وەلی ئەم بەتوفلّی بەبی تەجرەبە گەیشتوەتە ئەوەی دروستیەک لەناخی رووحێکی سپی بکا بەتابلۆ، هەڵبەتە شیعریش روئیایەکی زۆری هەیە.. تەئویلی هەموو دەقێک ئەگەر لەپای هەڵوەستەی شاعیر نەبووبی بەڕامان، تەئویلەکان کەمتر رووحی فەلسەفی لەخۆیاندا هەڵدەگرن.. بۆیە مەرج نیە شاعیرێک پەیکەری شیعری مۆنالیزاکەی بەراورد بکەین بەخۆ خلافاندنی شیعرێکی تازە هەڵکەوتوو.. هەڵوەستە فەلسەفیەکان نەکەین بەبنەمای دوورکەوتنەوەی خەیاڵ تا ئەوپەڕی قولایی لێکدانەوە.

من بەش بەحالّی خۆم جولّەی رووداوی منالێک بەکەمتر نازانم لەجولّەی سەرکردەیەک لەشۆڕشدا. تەئویلی عەقلّی ناگەڕێتەوە بۆ شاعیر خۆی، بەلّکو زیاتر لای خوێنەر سەرهەڵدەدا، شاعیر وەک جیهانێکی تایبەت بەخۆی سورەتەکان دادەهێنی، بەلاّم خوێنەر، ئەو خوێنەرانەی لەشیعر رادەمێنن.. چەندین تەئویلی بۆ دەدۆزنەوە، رەنگە شاعیر هیچ کامێک لەو تەئویلانە پێشتر لەگەڵ خۆیدا نەیکردبی، لێرە ئیدراکی عەقلّی بۆ داهێنانی تەئویلەکان پێکهاتەی کۆمەلّێک عەقلّی مەعریفەدارو نامەعریفی پێناسەی ئەو فەلسەفانە دەکەن کە خەیاڵ بەهەزاران باردا رووحی بەڕووداوێکی رابردووی کەس خوێنەر بارگاوی کردووە، کە تێدا رادەمێنیو شرۆڤەیەک بۆ حالّەتەکە لەدەروونی خۆیدا دەداو سەبووری پێدا دێتەوە.

"عەقلّ" بەمانای گەڕان بەدووی روشنفکریی یاخود باشتر وایە بلّێین پڕچەک کردنی مرۆڤ خۆی لەمیانەی پێشبینییەکانی خۆی بۆ هەلّفڕین یا دورکەوتنەوە بۆ قولایی

درککردن بەو دیوی شرۆڤەکانی نێو خەیاڵ یا والاَکردنی گشت ئەو دەروازانەی فیکر بەرجەستەیان دەکا بۆ سەرفرازبون بۆ گەیشتن بەو جیهانەی لەخەونی منالێک دەکا هیچ زمانێک بۆی ناگێڕدرێتەوە تەنها منالَ خۆی نەبی.. بۆیە دەکری عەقلَ لەزۆربەی گەشتەکانی فیکری دەسبەتالَ بگەڕێتەوە.. وەلی عەقلێک چوون جولەی منالَ کە پێشتر باسمان لێوەکرد دەکری گشت ئەو نادیاریانەی خەیالَ بەکارێک دەرببڕی کە ئێمە لەزمانی ناگەین.. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە شیعر تادی لەشیعریەت ناکەویو ناگا بەدواین مەرامی شیعر.

عەشق لەئەزەلەوە زاراوەیەکی داهێنەرانەی مرۆڤ بوە.. کە هیچ مەبەستێکی فەلسەفیانەی بەدوادا نەبوە.. وەلی عەقلی ئەمڕۆ کاروکاردانەوەی ئەو عەشقانە لەهەندی هەلوەستەدا روانگەیەکی فەلسەفیانەی هەیە بۆ ژیان.

لەبواری ئەدەبیشدا.. بەتایبەت شیعر.. زاراوەی عەشق میکانیزمێکی شەتەککدانی دوو دلَ نیەو بەس.. تەنانەت گرێبەندی روحو ئالَشتکردنەوەی لەززەتەکانی جەستەش نین بەتەنها، بەلکو کۆمەلێک پێکهاتەی لەیەکتریکبوونەوەی دووانن بۆ گەیشتن بەو شرۆڤەیەی کە زمانی منالێک نەبی درک بەخەیالەکەی یا خەونەکەی ناکری، هەلبەتە بێجگە لەکۆمەلێک رەنگی واقیعی کۆمەلێک رەنگیتر دەلالەتن بۆ دیوی ناوەوەی مرۆڤ، کە عەشقیش دەکری لەو رەنگانە بن، وەک رەنگی هەلبزڕکاو.. رەنگی شەرمەزار، رووسووری، پەژموورەدەیی..هتد کە مرۆڤ هەرچەند زمانی ئەم رەنگانەی بۆ ناخرێتە سەر کاغەز وەلی درکی پیدەکا..

هەروەها هەموو سورەتەکانی عەشقیش لەیەک ناچن ئەگەرچی دەلالەتەکان لەوە دەگەڕێن ناویان بنین عەشق.. سوورەتەکانی عەشق تا دواین هەناسەی مرۆڤ لەنەشونما ناکەوی.. ئەوەتا لەم دێڕە شیعرە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبی.

**بەریشی بۆ زەوە سوجدە دەبم بۆ جەمالی تۆ**

**ئیدی بۆ دەڵێن دار کە پیربوو ئیتر دانایە**

لێرەدا دەکەوینە بەر چەندین پرسیار کە وەک هۆکار دەبنە سەروتاری ئەو داهێنانە لەدەقدا.

*عەقلَ تا چەند دەتوانی ئەو خەسلەتانە بدۆزێتەوە کە سەرئەنجام شتێک لەتەک "ئەو"دا شەتەک دەدا کە ناوبنری عەشق؟

*عەقلَ بەچی خۆی رێنما دەکا بۆ نزیکبوونەوە لەتێکڕای ئەو پێشبینیانەی کە پێشتر لەناخیدا درکی پینەکردووە؟

*دەکری عەقلَ رێگایەک دەرنەکا بۆ نزیکبوونە کە ئەمە لەهەرەسەکانی ئەو لێک ئالاَنانەیە کە ناگەنە یەک.. بۆیە پەنا دەباتە بەر شیعر!

ناکری بی نموونە دەس لەگشت ئەو نادیاریانە وەردەین بۆ شرۆڤەکردنی باسەکەمان لەمەڕ ئەو رووحیانەتە فەلسەفیانەی لەشتێکدا دێن پێی دەلێین شیعر

لەدیوانــە شــیعرێکی کــاک دلاوەر قــەرەداغی کــە بەناونیشــانێکی بەڵگەنەویســت لەکەسایەتیەکانی نێو حیکایەتە کوردەواریەکان پێم وایە جوانترین ناونیشانێکی بۆ دیوانەکەی هەڵبژاردوە وەک ناونیشان. کە دوو نزیکبوونەوەی تێدا بەدیدەکری.

یەکەم: کۆی هەڵوەستەوە داهێنانەکان لەخەیاڵو رووحو فەلسەفەی ژیان دەباتەوە لای ئافرەت.. کە عەقڵی باوکسالاری پیاو بەتێکڕای ئیعترافاتیەوە سوجدەی پیدێنی لەبەردەم گوناهەکانیدا بەرامبەر بەئافرەت.

دوو: گەڕان بەنێو جیهانی ئافرەت دیارە دژوارو پڕ لەدڵشکستەییو مەزلومیەتترە لەجیهانی پیاو کە دەکری هەموو پیاوێک ئیعتراف بەوە بکا چی بینیوە لەسکی دایکیداو بەچ زمانێک بینوسێتەوە کە لەووردترین کرداردا ببی بەشیعر.

مەلەک ریحان.. ناونیشانی دیوانی "دلاوەر قەرەداغی"یە

رەنگە لەمەلەک تاووس نەکا بەڵام لێک نزیکبوونەوەیەکی فیکری تێدا بەدیدەکری بۆ ئەوەی مەردوم ریزێکی تایبەت ببەخشنە ریحان کە دەکری پیاو بۆ پیرۆزیی مەعبەدێک لەدڵیدا بۆ ئافرەت دانی..

"سەعات کرێوەی عەسرێک"

دەبی عەقڵ چی بخوێنێتەوە لەپشت گشت ئەو دیوارانەی سی زەمەنی ئاخێنراوی ناویەک، زەمەن لە"سەعات" سەرتاپای زەمەنی مرۆڤە.. هەموو سەعاتەکان لەیەک دەکەن لەڕووی زەمەنەوە.. کاک دلاوەر سەعاتێک لەهەڵوەستەیدایە بەڵام سەعاتێکی بارگەکراو بەخودی ئەو عەقڵەی کە دەگەڕی بەزمانی منالێک خەونی منالەکان بگێڕێتەوە.. دیارە نزیکبوونەوە لەخۆرئاوا تاریکو روون دیاریکردن نیە لەوێناکردنی ئەو هەڵوەستانەی پەیوەستبوون بەئاشکراکردن. عەسرێک هەڵوەستەکردنی شاعیرە بۆ بەرلەئاوابوون.. ئەمەیش دەلالەتێکی تازەی خوڵقاندوە.. بەڕای من.. فەلسەفەی شیعری خۆبەستنەوە نیە بەئەزموونی شاعیر.. بەڵکو فڕینە بەو پانتاییەی کە باڵندەیەک رەنگە بۆ خۆی سروشت پەرژینی کردبی لەمەرگ پاش ئەوەی لەتاقەتیایە بفڕی بی ئەزموون بۆ خۆی لەخودی خۆیەوە بەو هەڵفڕینەی خۆ پێویستێتی هەڵدەفڕی. بۆیە فەلسەفەی شیعریش لەوە گەورەتر سنوورێکی هەبی، یاخود سەر بەقوتابخانەیەک بی بۆ پەیرەوکردن. هەروەک چۆن نزیکبوونەوە لەعەشق فەلسەفەیەکی ژیانە هەروا عەشق ئەزموونێکی پێشتر نەبوە لەناخیکەسەکە.. بەڵام دەشکری بەهەڵفڕینی خۆی کەسەکە رێرەوێک بەپێی بارودۆخی عەقڵەکەی بۆ خۆی دابهێنی کە لەلای کەسێکیتر رەنگە سەرکەوتوو نەبی.

لێرە نیم<br>
حەیفێک.. سبەینی رۆژ دەبێتەوەو<br>
ئیدی من لێرە نیم<br>
حەیفێک لێرە نابم

که کەسێک سبەینی
پەنجەرەکە دەکاتەوە
که کەسێک سبەینی ناوێک لەسەر
هەڵمی شووشەکەی دەنووسی

ئەم عەقڵە سەرهەڵگرتوانە.. هی گەڕیدەیەکە لەسەفەرێکدایە یا لەڕێیە بۆ سەفەر.. "لێرە"ی شاعیر شوێنێکی سنووردار نیە.. بەڵام دەکری شوێنی هەڵوەستەکردنی پیاو رەوێک بی.. یا کەسێکی تیپەڕیوە بەدیوی رابردوویەک. هەروەک چۆن لێرە" دابڕانێک نیە لەبەر سەفەرو دوایی سەفەرکردوەکان.

داهاتووەکانی پشت پەنجەرەکانی سبەی.. تەنها دارشتنی مرازەکان نین بۆ گەڕانەوەی کەسێک، رەنگە گێڕانەوەی گشت ئەو رابوردوانانە بن، کە بەسەر میتای پەنجەرەیەکەوە نابن، بەڵام هەڵمێک لەکرێوەدایە دەریاندەخا. کە دەکری دوو رووداوی یەکچەشنە بن، بەڵام لەدوو عەقڵی جیاواز.

دلاوەر نایەوی پێناسەی شیعرمان بۆ بکا بەقەد ئەوەی لێکتریکبوونەوەی سیریالیانەی مەبەستە لەهەڵوەستەکانی سەفەر.. دەکری لەتابلۆیەکی ئەنفال بدوی.. رەنگە لەسەفەری شەمەندەفەرێک بدوی، دوای ئەوەی کەسێک لەو چرکەساتانە وەستانی ئێسگەیەک لێکتریکبوونەوەیەکی عاشقانەی بۆ دی.. هەروەها کۆمەڵێک بۆچوونیتر لەمەڕ سەفەرەکان..

"که کەسێک سبەینی ئینجانەکان ئاودەداو
بەچاوانێک.. پڕاوپڕی روانین
لەدوو دڵی چۆلەکە وەریوەکان رادەمێنی!"

سبەینی کاردانەوەی ئەو حەیفانەن کە دوێنی روویدا سبەینی دەبێتە هەڵوەستە.. بەڵام هەڵوەستە لای یەکێکیتر کە بەوێدا رەت دەبی.

چۆلەکەکان وەریون لای کەسێک، وەلی لای کەسێکیتر بوونەتە هەڵوەستەی روانین، ئەم لێکتریکبوونەوانە تێکهەڵکێشێکی سریالیانە کۆی کۆمەڵێک هەڵوەستەن لەچەندین ناخی جیاوازدا.. ئەم کۆی کردوونەتەوەو لێکی داون عەقڵ بەفەزایەکی بەرینتر بۆچوونەکان لەتێگەیشتنی خۆی شرۆڤە بکا.. کە دەکا بەزمانی ئەو مناڵەی خەونەکەی بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە..